# لە بارەی

# چالاکی سیاسی چینی کرێکار

## فرێدریک ئینگلس

وتارە لە کۆنگرەی کۆمەڵەی کارگەرانی جیهانی لەندەن لە ٢١ی ئەیلول.١٨٧١
فرێدریک ئێنگڵس خۆی دەستنووسی کردووە.

وەرگێڕانی: سەلام عەبدوڵا

کتێبخانەی سۆشیالیستی

## ٢١ی ئەیلول.١٨٧١

لندن

دابـڕان لە سیاسـەت بە یەکجارەکی، کـارێکی ئەسـتەمە. هەمـوو ڕۆژنـامە لایەنگرەکانی دابڕان لە سیاسەت، لەهەمان کاتیشدا، خەریکی سیاسەتن. هەموو مەسەلەکە لەو سوچەدایە کە ئێمە بزانین چۆن و چ سیاسەتێک دەکەین.

جگە لەوەی کە دابڕان بۆ ئێمە کارێکی مەحاڵە، پارتی کرێکاران، وەک حزبێکی سیاسییە ولە زۆربەی وڵاتەکاندا بوونی هەیەو نامانەوێ بە وەباوختستن بۆ دابڕان لە سیاسـەت بیـڕۆخێنین. ژیـانی هـاوچەرخ و چەوسـانەوەی سیاسـی کە حکـومەتە باوەکان بە سەر کرێکاراندا سەپاندووە-جیاوازییەکیان نییە، چ بە مەبەستی سیاسی بێ یا کۆمەڵایەتی- و خۆشیان بێ یا ترش، ناچاردەکەن خەریکی سیاسەت بن.

ئامۆژکاری کردنی کرێکاران بۆ دابڕان لە سیاسەت، لەوانەیە بۆ باوەشی چینی بۆرژوا، پاڵیان پێوە بنێ، هەروا دابڕان لە سیاسەت مومکین نییە بەتایبەتی پاش کۆمـونەی پـاریس کە لە خشـتەی کارەکانـدا، چـالاکی سیاسـی پرۆلیتاریـای هێناوەتەپێشەوە .

ئێمە دەمـانەوێ چینەکـان لەنـاو ببەین. ئایـا وەسیلەی گەیشتنمان بەم ئارمـانجە چین؟-سالاری پرۆلیتاریای سیاسی. بەڵام بیانبینن، کـاتێ ئەم مەسـەلەیە بەزەقی روون بـووەوە، داومـان لـێ دەکەن دەسـت لە سیاسـەت تێـوەرنەدەین! هەمـوو ئامۆژکـاریکەرانی دابـڕان لە سیاسـەت خۆیـان نـاودەنێن شۆرشـگێڕ، تەنـانەت بەو شۆرشگێڕانە وەک پێ چاکتر لەوانەی تر، بەڵام شۆڕش باڵاترین کـاری سیاسییە و ئەوی هەوڵی بۆ بدا، دەبێ دان بە ئامرازەکانیشی بنێ، بەو کارە سیاسییانە کە

شۆرش ئامادە دەکاو کرێکاران لە پێناو شۆرش پەروەردە دەکا، بەبێ ئەوە، نموونەگەلێ وەک (فافر)و (بیا) لە ڕۆژی دووهەمی پاش جەنگدا، بە بەردەوام فرتوفێل لە کرێکاران دەکەن. ئەمما ئەو سیاسەتە کە دەبێ پەیڕەوی بکەین، سیاسەتی کرێکارییە. نابێ حزبی کرێکاری بە دوای کلکی ئەم یا ئەو حزبی بۆرژوایی بڕوات، بەڵکو دەبێ وەک حزبێکی سەربەخۆ، خاوەن ئارمانج و سیاسەتی تایبەت بە خۆی، پێک بێ .

ئازادییە سیاسییەکان، مافی کۆبوونەوەو کۆمەڵەکان، ئازادی لەچاپدان و بڵاوکردنەوە،- ئەمە چکەکەمانە.

**فرێدریک ئێنگڵس**

ناوەندی کۆمۆن
Socialism
سۆشیالیزم
Commune Centre
Socialism
کتێبخانەی
سۆشیالیستی